فەرمانگەی کۆچ

# یەککخستنەوەی خێزانی بۆ ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە خوار تەمەنی یاساییە وە یە و بەتەنیا هاتوون و مافی پارێزگاریی نێودەوڵەتییان وەرگرتووە

ئەم ڕێنماییە تۆ دەگرێتەوە، ئەگەر تۆ لەو کاتەدا کە داوای پەنابەریت کردووە تەمەنت لە خوار ١٨ ساڵانەوە بووە و پێگەی پەنەباریت یان مافی پارێزگاریی پلە دووت پێ دراوە.

ئەندامانی خێزانەکەت دەتوانن داوای مۆڵەتی مانەوە (ئیقامە) لە فینلەندا بکەن لەسەر ئەو بنەمایەی، کە تۆ مۆڵەتی مانەوەت لە فینلەندا هەیە. ئەندامی خێزان بۆ کەسێکی خوارتەمەنی یاسایی واتە تەمەن خوار ١٨ ساڵان، سەرپەرشتیارەکەیەتی.

## لە چی بارودۆخێکدا تۆ بە خوارتەمەنی یاسایی دادەنرێیت و بەهۆی ئەوەوە سەرپەرشتیارەکەت بە ئەندامی خێزانت دادەنرێت:

ئەگەر لەو کاتەدا کە فەرمانگەی کۆچ بڕیار لەسەر **داوای مۆڵەتی مانەوەی سەرپەرشتیارەکەت** دەدات تۆ هێشتا تەمەنت خوار ١٨ ساڵان بێت، سەرپەرشتیارەکەت بە ئەندامی خێزانت دادەنرێت.

ئەگەر بەر لە **بڕیاری داوای مۆڵەتی مانەوەی سەرپەرشتیارەکەت** تەمەنی ١٨ ساڵایتان پڕ کردبێتەوە، ئەوا سەرپەرشتیارەکەت بە ئەندامی خێزانت دادەنرێت ئەگەر:

- لەو ڕۆژەدا کە داوای پەنابەریت پێشکەشکردووە، تەمەنت لە خوار ١٨ ساڵان بوو‌بێت
- بەتەنیا و بەبێ سەرپەرشتیارەکەت هاتبێتی بۆ فینلەدا بۆ داواکردنی مافی پەنابەرێتی و
- سەرپەرشتیارەکەت لەماوەی **سێ مانگدا** لەو ڕۆژە بەدواوە کە تۆ **زانیاریی بڕیاری مافی پێگەی پەنابەرێتی یان مافی پارێزگاریی پلە دووت وەرگرتووە**، داوای مۆڵەتی مانەوەی پێشکەش کردبێت لەسەر بنەمای پەیوەندی خێزانی

ئەگەر پێش ئەوەی بڕیار لەسەر داوای مۆڵەتی مانەوەی سەرپەرشتیارەکەت بدرێت، تەمەنی ١٨ ساڵایتان پڕکردبێتەوە و ئەویش **لەدوای ئەو سێ مانگە دیاریکراوەدا** داوای مۆڵەتی مانەوەی لە فینلەندا پێشکەش کردبێت، بە پێی یاسا ئەو چیتر بە ئەندامی خێزان دانانرێت.

### بەم شێوەیە ئەندامانی خێزانەکەت لە ماوەی سێ مانگدا داوا پێشکەش دەکەن:

دەبێت ئەندامانی خێزانەکەت پێش هاتنیان بۆ فینلەندا داوای مۆڵەتی مانەوە پێشکەش بکەن. داواکە دەکرێت بە فۆڕمی کاغەز بکرێت لە کۆنسوڵخانە یان لە ناوەندی پێشکەشکردنی داوای مۆڵەت، یانیش بەشێوەی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی ماڵپەڕی ئینتەرنێتی ( Enter Finland) ەوە.

Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

**پێشکەشکردنی داوای کاغەزی**

چاکتر وایە ئامادەکاریەکانی داوای مۆڵەتی مانەوە یەکسەر دوابەدوای ئەوەی کە مۆڵەتی مانەوە وەردەگریت دەست پێ بکرێت. ئەندامی خێزانەکەت لەوانەیە بۆ نموونە پێویستیان بە ڤیزا هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن بچن بۆ ئەو شوێنەی کە کونسولخانەی لێیە یان ناوەندی پێشکەشکردنی داوای مۆڵەتی لێیە بۆ ئەوەی فۆرمی داواکانیان پێشکەش بکەن. پێویستە لەسەر ئەندامانی خێزانەکەت مشووری ئەوە بخۆن کە لە کاتێکی زوودا فریا بکەون فۆرمەکانیان ڕادەست بکەن.

پێویستە لەسەر خێزانەکەت لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتی وەزارەتی دەرەوەی فینلەندا finlandabroad.fi چاوی لێ بکەن کە لە کوێ و چۆن فۆرمەکە پێشکەش دەکرێت، هەروەها چۆن کات دەگیرێت بۆ پێشکەشکردنی فۆرمەکە. فەرمانگەی کۆچ ناتوانێت کاریگەری دابنێت لەسەر ئەوەی کە لە کوێ و چی کاتێك خێزانەکەت دەتوانێت فۆرمەکە پێشکەش بکات. هەموو ئەو کەسانەی کە داوای مۆڵەتی مانەوە دەکەن دەبێت بچن لەو شوێنە ئامادەبن، منداڵیش.

**ئەگەر بۆ پێشکەشکردنی فۆرمەکە پێویست بە کات گرتن نەکات:**

ئەگەر بۆ پێشکەشکردنی فۆرمەکە پێویست بە کات گرتن نەکات، دەبێت داواکەت لە ماوەی سێ مانگدا پێشکەش بکەیت. دەکرێت لە هەندێك باری تایبەتدا لە ماوە دیاریکراوە لا بدرێت ئەگەر بۆ ئەو مەبەستە هۆیەکی پەسەندکراوی نائاسایی هەبێت.

**ئەگەر بۆ پێشکەشکردنی فۆرمەکە پێویست بە کات گرتن بکات:**

ئەگەر بۆ پێشکەشکردنی فۆرمەکە پێویست بکات کات بگیرێت، دەبێت خێزانەکەت هەتا بکرێت بە زوویی و ئەوپەڕی لە ماوەی سێ مانگدا پەیوەندی بکەن بەو کۆنسوڵخانەیەوە یان ئەو ناوەندی پێشکەشکردنی داوانامەیە کە لەوێ فۆرمەکانیان پێشکەش دەکەن. پێویستە لەسەریان بۆ پێشکەشکردنی فۆرمەکانیان کات بگرن.

کاتێک کاتەکە دەگرن، دەبێت ئاماژە بە هەموو ئەو کەسانە بکرێت کە دەیانەوێت لەو کاتەدا داوای مۆڵەتی مانەوە بکەن.

پێویستە لەسەریان ئەم شتانە ڕابگەیەنن:

- ناوی تەواوی هەموو ئەوانەی کە داوا دەکەن، بەرواری لەدایکبوونیان بە وردی و ڕەگەزنامەکانیان
- ناوی خۆت، بەرواری لەدایکبوونت، ڕەگەزنامەت و ژمارەی کارداریت لە فەرمانگەی کۆچ.

ئەگەر خێزانەکەت کارەکان بەو شێوەیە ئەنجام بدات کە لای سەرەوە ئامۆژگاری کراوە، بەڵام بەهۆی نۆرەی کات گرتنەوە لە ماوەی سێ مانگەکەدا کاتیان بەر نەکەوێت بۆ پێشکەشکردنی فۆرمەکە، هێشتا هەر دەتوانن بێ لە پێش چاووگرتنی ئەوەش وەکو ئەندامی خێزانەکەت داوای مۆڵەتی مانەوە پێشکەش بکەن. بەڵام دەبێت خێزانەکەت یەکەمین کات کە دەست دەکەوێت بگرێت و بەکاری بهێنێت بۆ پێشکەشکردنی داواکە.

دەکرێت لەو ماوە دیاریکراوە سێ مانگیەدا لە هەندێك بارودۆخی تایبەتدا لادان بکرێت، ئەویش تەنها ئەگەر هۆی پەسەندکراوی نائاسایی هەبێت بۆ ئەوە.

**پێشکەشکردنی فۆرمەکە لە ڕێگەی ماڵپەڕی Enter Finland (ئینتەر فینلاند)**

خێزانەکەت دەتوانێت لەڕێگای تۆڕی خزمەتگوزاری فەرمانگەی کۆچ Enter Finland یشەوە فۆڕمی داوای مۆڵەتی مانەوە پێشکەش بکات (enterfinland.fi). فۆڕمی ئەلیکترۆنی دەبێت لە ماوەی سێ مانگدا پێشکەش بکرێت. دەکرێت لەو ماوە دیاریکراوەدا لە هەندێك بارودۆخی تایبەتدا لادان بکرێت ، ئەویش تەنها ئەگەر هۆی پەسەندکراوی نائاسایی هەبێت بۆ ئەوە.

دوای ئەوەی کە ئەندامانی خێزانەکەت فۆرمەکە لە ماڵپەڕی Enter Finland پڕدەکەنەوە، ئینجا دەبێت هەر لە دەرەوەی وڵات کەسێتی خۆیان بسەلمێنن. بۆ ئەو مەبەستە لە ماڵپەڕی Enter Finland ڕێنمایی وەردەگرن.

Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

**داوانامەکان بە پارەن**

داواکردن بە پارەیە. نرخی داوانامەکان لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتی فەرمانگەی کۆچ migri.fi دەبینرێت.

**زانیاریی زیاتر لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتی فەرمانگەی کۆچ**

زانیاریی زیاتر لەبارەی پێشکەشکردنی داوای مۆڵەتی مانەوە لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتی فەرمانگەی کۆچ migri.fi دەبینرێت.